بەڕێزان:

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ڕێز و سڵاو**

## ب: پاراستنی تاریخ و کەلەپوری شارستانی هەرێمی کوردستان

بێگومان ئێوە و خەڵک و ئێمەش چاک دەزانین لەم (٣٤) ساڵە لە تەمەنی حکومەتی هەرێم چەند شوێنەوار و شوێنە مێژووییەکان و گەڕەک و خانوە کەلەپوریەکان هاتونەتە وێران کرن. ئەگەر بە درێژی بنوسین ئەوا پێویستە کتێبێک لەو بارەیەوە بۆتان بنوسین.
مێژوو و کەلەپوری شارستانی بەشێکن لە (**ئاسایشی نەتەوەیی**) هەموو میللەتێک لەم جیهانەدا کە دەبێ بپارێزرێت و لەنێو بردنیان (**خیانەتی نیشتیمانی**)یە.
گەڕەکەکان و خانوە کەلەپوریەکانی هەولێر هەموو ڕوخاون و تەپیون و ئەوانەی سلێمانیش دراون بە چەند بازرگانێک و ڕوخێندراون و شوێنەکانیان کراون بە دوکان و بازار و گەراجی گشتی تا پاش دەرچونی یاسای هەرێم بۆ پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لەساڵی (٢٠٢١)یشدا و شتێکی کەم ماون.
بێ گومان ئەمە دەبێتە مێژوویەکی ڕەش بۆ حکومەتی هەرێم.
زۆر جار ئێمە و لایەن و کەسانی دڵسۆز ئەمەیان نوسیوە بۆ حکومەتی هەرێم تا (**لێژنەی ڕۆشنبیری لە پەرلەمانی عێراق**) بە ئیمزای سەرۆکەکەی (**د.علی الشلاه**) چوار جار ئەمەی نوسیوە و نوسراوەکەی ژمارە (**٣١٨ ل ش ع لە ٢٠١٢/٩/٢٦**) ئاڕاستەی کردوە بۆ پارێزگای سلێمانی کە ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستی ناوەڕۆکی ئەم یاداشتەی ناڕەزاییمان و شەرمیشە بۆ حکومەت و کاربەدەستانی هەرێم پەرلەمانی عێراق داوایان لێ بکات مێژوو و کەلەپوری خۆی بپارێزێت بەڵام ئەم تەعنەشی هەر بێ سود بوە وەک **چۆن حکومەتی هەرێم خۆی یاسای خۆی بۆ شوێنەوار و کەلەپوری هەرێم جێبەجێ ناکات.**
بێجگە لەو یاسایەی هەرێم نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی (١٩٧٢) بڕیاری دەرکردوە بەپاراستنی گەڕەکە کۆنەکان لە جیهان دا چونکە ئەسڵی شارەکانە و زۆر لە مێژووی ئەو وڵاتانە لەنێو ئەو گەڕەک و خانوە کەلتوریەکاندایە بێجگە لەو نەخش و نیگارانەی

لەو خانوە کۆنانەدا هەن و بێجگە لەوەی کە سەرچاوە هەرە گەورە و ڕەسەنی هونەری تەلارسازی میللەتانە و وێران کردنیان خیانەتی نیشتیمانی یە.
هەندێ وڵات سزای زۆر توندی خستوەتە سەر ڕوخاندنی خانوە کەلەپوریەکان بۆ نمونە لە سوریا لەکاتی بنەماڵەی (أسد) **سزای لەسێدارەدان** بوە.
سەیرە دەوروبەری ساڵی (٢٠١٤) دەوڵەتی بەریتانیا ڕایگەیاند کە **(درەختە گەورەکانی لەندەن توشی نەخۆشی بون و پێویستە چارەسەر بکرێن چونکە بەشێکن لە مێژووی لەندەن).**
ئایا گەڕەکەکانی خانەقا و تەیراوە و سەیداوە و تەعجیل بەشێک نین لە مێژوی شاری هەولێر؟!.
ئایا گەڕەکەکانی سابونکەران و کانیسکان و مەڵکەندی و سەرشەقام و دەرگەزێن بەشێک نین لە مێژوی سلێمانی؟!.
ئایا هەموو گەڕەکە کەلتوریەکانی هەولێر و سلێمانی نرخی درەختە گەورەکانی لەندەن نین. ئایا ئینگلیز زاناترە یان کوردی ئێستامان کە ئەوا (٣٤) ساڵە مێژوو و کەلتوری خۆیان بەدەستی خۆیان وێران دەکەن؟!.
ئایا شارەوانی لەندەن پێشکەوتوترە کە تا درەختەکانی لەندەنیش دەپارێزێت یان شارەوانی هەولێر کە گەڕەکە کەلتوریەکانی هەولێر هەمویان تەپیون و یان شارەوانی سلێمانی کە گەڕەکە کەلتوریەکان و خانوە نەخشدارەکان و خانوە تاریخیەکانی داوەتە هەندێ بازرگان وەک خانوی عەزیز بەگی عبدالرحمان پاشای بابان و سەرۆکی کوللییەی سەربازی ئەحمەد پاشای بابان و هەروەها خانوی (**جەمال عیرفان**) و یێ دیکە ویێ دیکە لە خانوی ناودارەکانی شار تا گردی شوێنەواری تەمەن شەش هەزار ساڵەیی (**گردی قشڵە**) لەبەردەم مزگەوتی گەورە هەموویان دایە هەندێ بازرگانی تەماعکار و ناکورد و وێرانیان کردون و سوپاس مان بۆ ئەو بازرگانە شەریفانەی بەشداریان نەکردون لە خیانەتی وێران کردن و ئەنفال کردنی مێژوو کەلتوری شارستانی شارەکەیان.
شارەوانی هەولێریش کە گەڕەکە کەلەپوریەکانی هەولێری نەداوە بە بازرگانەکان ئەوە لەترسی یونسکۆ بوە چونکە یونسکۆ مانەوەی ئەو گەڕەکانەیان کردوەتە مەرجێک بۆ تۆمارکردنی قەڵات لە لیستەی کەلتوری جیهانی دا.

**ئایا مەسڵەحەتی کورد لە مانەوەی مێژوو و کەلەپوری خۆیدایە یان لە دووکان و بازاڕی بازرگانێک دایە؟!**

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپور دائیرەیەکی سەقەتە

یەکێک لە هۆیەکانی ئەنفال کردنی شوێنەوار و گەڕەک و خانوە کەلەپوریەکان ئەوەیە کە لە ماوەی ئەم (٣٤) ساڵەدا حکومەتی هەرێم مرۆڤەکی شوێنەوارناسی لێهاتووی نەکردوەتە بەڕێوبەری گشتی شوێنەواران و ئەوانەی کراون بە بەڕێوبەری گشتی شوێنەوارناس نەبون و کەسانی نەزان بون و لەوانەش هەبوە نەیزانیوە وتارێک بنوسێت و هەبوە تەنیا نازانێت نامەییکی ڕێک و پێک بنوسێت لەکاتێکدا زانستی شوێنەوار لە زانستە هەرە سەختەکانە، لەوانەشیان هەبوە بە فەرمانبەرەکانی وتووە ئیشم شوێنەوار نیە و لێ نازانم بەلام منیان هێناوەتە ئێرە. ئەوجا دڵسۆزی کانی؟!.

لە حکومەتی هەرێم دەپرسین چۆن دەبێت لەماوەی (٣٤) ساڵدا بەڕێوبەری گشتی تەندروستی کارەباچی بێت؟ یان یێ دائیرەی کارەبا پزیشکێک بێت، لە چی وڵاتێکی دونیا هەبوە بەڕێوبەری گشتی پەیوەندیی زانستی بە دائیرەکەیەوە نەبێت لەکاتێکدا دەیان کەس هەیە دکتۆرایان لە شوێنەواردا هەیە و تا نوسینی مسماری شی دەکاتەوە بۆچی یەکێک لەم زانایانە تەنیا جارێک نەکراون بە بەڕێوبەری گشتی شوێنەواران؟. دەبێ خاوەنی ئەم پۆستە بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و بەحس و لێکۆڵینەوە و تەئلیفاتی هەبێت بەشەرتێک ئەوپەڕی دڵسۆز بێت و خاوەن ویژدان بێت و دز نەبێت و ئامانجی کورسی و گیرفانی نەبێت.
هەر ئەم خاڵە بەڵگەیە کە حکومەتی هەرێم تاریخ و کەلەپوری وولاتی نەپاراستوە.

## بەکورتی داوا داواکارین:

١- ئەوەی ماوە لە گەڕەک و خانوە کەلەپوریەکان بپارێزرێت و نەدرێت بە بازرگانەکان. یاسای هەرێمیش کاری بازرگانی و هەموو گۆڕانکاریەکی لە گەڕەکە کەلەپوریەکاندا قەدەغە کردوە.
٢- دەبێ بەڕێوبەری گشتی شوێنەوار بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت و بەحس و لێکۆڵینەوە و تەئلیفاتی هەبێت و دڵسۆز بێت.

**دەستەی باڵای کەمپینی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوری شارستانی کوردستان**

**مسعود عبدالخالق ، دکتۆر کامیران بەرواری.**

**نزار محەمەد ، شۆڕش ئەمین.**

**یوسف محەمەد رەسول و عبدالرقیب یوسف.**

**١٢ شوبات ٢٠٢٦**

**تێبینی: بە گشتی هەموو حزبەکانی کوردستان ئەندامن لەم کەمپینەدا و مەترانەکانی سوریان و ئاشور لەگەڵ کەردینالی کلدانیەکان دکتۆر لویس ساکۆی زاخۆیی ئەندامن بەناوی سوریان و ئاشور و کلدانەکانەوە، و هەروەها زانکۆکان و دەیان ڕێکخراو ئەندامن و ناوی هەموان هەیە لەگەڵ ناوی هەموو ئەو کەسانەی ئیمزایان کردوە لەو کتێبە چاپکراوەی کەمپیندا بۆ مەبەستێکی زانستی نەک سیاسی.**